# مەلای كورد و ڕەمبازی بەسەر جەستەی واقیعدا



ئێرۆن عومەر

لە حاڵێكدا كە نیوەی تەمەنمان یان هیچ نەبێ چارەگێكی لە دەرەوەی ژیان (ژیان بەو مانایەی كە ئێمە دەمانەویست و دەبوایە هەبێ ) و لە نێو وەهمێكی گشتیدا بەسەر برد كە تێیدا مەلا مامۆستا و ڕێبەر و گەورە و تەلقیندەرمان بوو ، مەلا هێندە بە وانەی خورافە و ئەفسانەی دوور لە عەقل ( هەر لە كورتانەكەی كەری تەجارەوە تا دەگاتە لەشكری حاجوج و باجوج) تەلقینی داین ، وایلێهات مێشكمان پڕ بوو لە ترس و ژیانمان بوو بە كوتلەیەك لە تەقلید و تەمەنی منالّی و هەرزەكاریمان بوو بە هەڵم و چوو بە لوتی ئەو گایەی كە لەسەر پشتی ماسیە و ناشخلیسكێ و هەركاتێكیش گوێ بادەدا نیوەی دنیا دەهەژێ و بۆمەلەرزەی وێرانكەری بەدوادا دێ ، ئیتر نەوێراین هەرلەدوای بانگی شێوانەوە سەربكەین بەو دیوی دەرگادا نەبا لە پڕێكا جنۆكەیەك پەلامارمان بدات و دەست بكات بە بینەقاقامان دا ، دایك و باوكیشمان وەكو دوو تەلقیندراوی دەستی مەلا هێندەیان بە مردووی چاوزەقی بەرگی سپی لەبەر و نوری سەر قەبران تۆقاندبووین كە بەهەزار سەلەوات نەبوایە خەومان لێ نەدەكەوت ، بۆ یە كە لە سالآنی یەك لە دوای یەكی قوتابخانە و گوێ گرتن لە مامۆستایەكی كلۆل لە ئاوەزماندا كەمتر جێگایەك بۆ یاسا ماتماتیكی و فیزیكیەكان و كەمتر پانتاییەكان بۆ هاوكێشە كیمیایەكان مابووەوە ، شتێك نەبووین جگە لە قوتابیەكی تەمبەڵ ، تەمبەڵ نا لەوەی تواناى تێگەیشتنمان نەبوو تەمبەڵ لەوەی ئیرادەی ئەوەمان نەبوو، كە لە خەیاڵماندا شوێنی خورافە بدەین بە زانست ، باوەڕ بە شتی تازە وەدەست بێنین و باوەڕ بە شتی  كۆن و تێئاخنراومان لە دەست بدەین. كەمنین ئێستەش ئەوانەی پلەكانی خوێندنیان بڕی و گوێیان لەوانەكانی زانست گرت و بڕوانامەیان وەرگرت و بوون بە مامۆستا و شتی تریش ، كەچی هێشتا هەر بە ئەقلی زەمانی باپیریان بیر دەكەنەوە و كارلێكی فیزیایی هەورەكان و دروست بوونی هەورەتریشقەیان بەلاوە زەبری گورزەكانی حەزرەتی میكائیلە و زیاتر بۆ چارەسەری نەخۆشیەكانیشیان نوشتەی شێخ و مەلایان بەلاوە باشترە لە پشكنینی پزیشكی .

تازە دوای تەوژمێك لە هوروژمی تازەگەریەكانی دنیای هاوچەرخ و هەناسەیەك لە بەخۆداهاتنەوە و چركەساتێك لە ڕامان  و لەرینێك لەناخماندا خەریك بوو جەستەی خۆمان لە تۆز و خۆڵی سەدەكۆنەكان بتەكێنین ، كەچی لە پڕێكدا هەستمانكرد تارمایی مەلا و ئاینێك لە نەریتی كۆن سفرەی بەردەممان دەپێچنەوە و گلاسەكانی ناو دەستمان دەشكێنن ، تازە خەریك بوو نەوای كەمانچەیەك بە ڕۆحمان ئاشنابێ بە هاواری عیقابی شەدید گوێیان كەڕ كردین ، خەریك بوو ئاوڕێك لە زەردەشت و نیچە بدەینەوە بە شمشێری حەجاج خستینیانەوە سەر ڕێگای ڕاست ، ناكرێت ڕۆژێك مەلا نەمانبینێ و لە كارە ناشەرعیەكانمان ئاگادار نەبێت ، ناكرێت مەلا سەر بەماڵەكانمان دا نەكات و نەفرەت لە وێنەكانی سەر دیواری ژوورەكانمان نەكات ، ناكرێت مەلا چاودیری جل و بەرگی ژنەكانمان نەكات و ڕەخنەی لێ نەگرێت ، ناكرێت لەگەڵ یارەكانماندا لەپەنای درەختێكی پاركێك یان سەیرانگایەك چاوبڕینە یەكتر و مەلا لە بلندگۆی مزگەوت دا هاوارمان لێ نەكات، ناكرێت لە ڕێگادا پێش مەلا بكەوینەوە و لە مەجلیسێكدا لای سەرووتری دانیشین و بهێلین لە سەرەگرتن دا لە دوامانەوە بێت و ناكرێت كورسی پێشەوەی هۆڵەكان و كورسی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكانی بۆ چۆل نەكەین ، مەلا ئەو كائینەیە لە كۆمەڵگای كوردی كە هەیمەنەی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە ، حكومەت بەبێ مەلا نابێت ، پەرلەمان بەبێ مەلا نابێت ، حزب بەبێ مەلا نابێت ، زانكۆ و پەیمانگاكانیش بەبێ مەلا نابن ، لە جیاتی سیاسەت كردن و هەوڵی جدی بۆ بەرەو پێش بردنی ولات دەبێ گوێ لە ئامۆژگاری مەلا بگرین و دوعا بكەین خوا خێر و بەركەت بەسەر ولاتەكەمان و ئومەتی ئیسلام دا ببارێنێ ، دەبێ لەبیرمان نەچێت ئێمە قەرزاری حوجرەی مەلایەكانین و سەركردەكانی

شۆڕشە کوردیەکان و شاعیرە کلاسیکیەکان هەموویان لە حوجرەی مزگەوتەکان پێگەیشتوون ، ئەوەنیە شۆڕشە کوردیەکان هەموویان بە فەزلی سەرکردە ئاینیەکان بەسەرکەوتن گەیشتوون و ئەوە نیە ڕۆشنبیری کوردی چەند دەولەمەندە و زمانی کوردی چەند پێشکەوتووە لە سایەی جزو عەمە دا . مەلا بە هەموو مانایەك پالەوانی ئێستا و ڕابردووی کۆمەڵگای کوردی‌یە ، کە دەستور دا دەنێین دەبیَ پرس بەمەلا بکەین و سەرچاوەی یاسا دانانمان بۆ دیار بکات ، کە کۆبوونەوەیەکی چارەنووس ساز دێتە گۆڕیَ دەبیَ مەلا بەشدار بێت نەبا لە پێناوی بەرژەوەندی گەل و نەتەوە لە دینی خودا دوور کەوینەوە ، بۆ ئەوەی موحازەرەیەکی دیموکراسی بدەینەوە دەبیَ روخسەت لە مەلا وەرگرین نەبادا لە وتاری ڕۆژی هەینی لێمان وەدەنگ بێت ، کە حزبی عەلمانی دادەمەزرێنین دەبیَ مەلا بکەین بە برا گەورە ، کە زەویش دابەش دەکرێت دەبێت بەر لە هەمووان مەلا سود مەند بێت ، ئەگەرچی تازە مەلاش بێت و مامۆستایەکیش بیست و پێنج ساڵ خزمەتی پەروەردەیی هەبێت و هێشتان سودمەند نەبوبێت . ئێمە دەبێت دیموکراسی و ئازادی بڵاو بکەینەوە لە پەنای مەلا دا و بەو مەرجەی مەلا دەیەوێت ، خۆزگە مەلاش سەرەڕای ئەو هەموو هەیمەنەی بەسەرمادا هەیەتی تۆزقاڵێك لە دونیای هاوچەرخ دا دەژیا ، لە وتارەکانی ڕۆژی هەینی دا وازی لە حیکایەتی پیرێژنی جولەکەی نێو کۆلانەکانی ئەو زەمانی مەککە و خەونی ئەسحابەکان دەهێنا و قسەی لەسەر ڕووداوە گەرماوگەرمەکانی ڕۆژ دەکرد ، هیچ نەبیَ خۆزگە هەموو ڕۆژیَ چەند جارێك تیرۆری دەرونمانی نەدەکرد ، لەسەر نەختە گۆڕانێك کە لەژیانی خۆماندا بەدیمان هێناوە بەر نەفرەتی خوای نەدەداین و سوژن ئاژنی ناخمانی نەدەکرد ، لەسەر دوو وشەو دو پیتی سەر کاغەز هەولی دەرپەڕاندنی لە ولات نەدەدااین . بچی بۆ هەر شوێنیَ مەلا لەویَ ئامادەیە ، لە هەرکویَ قسەیەك بکەیت مەلا گویَی لیَیەتی ، لە هەر پەناگایەك خۆت بشاریتەوە مەلا دەتبینیَ . هەندیَ جار مەلا وەکو خۆی دەردەکەوێت و دامێنی کەواکەی لە زەوی دەخشێت ، هەندیَ جار بۆینباخ دەبەستێت و عەینەك لە چاو دەکات ، هەندێك جار پێشمەرگەیەو چەکی بە شانەوەیە ، هەندیَ جار ناسنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانی لە گیرفان دایە ، هەندیَ جاریش سەرۆکی حزبە ، سەرەنجام هەر مەلایە و هەموو ژیانتی تەنیوە و پانتایی رۆحتی تەیکردووە و هەر ئەوەندەی یەك جار گوتت من لە فلانە شت گومانم هەیە بیَ وەستان ئەتخاتە بەرەی دژ بەخواوە .

سالٌ نیە مەلای عەرەب و مەلای ئێرانی سەدان جار خەلك نەهێننە سەر جادە و لەسەر شتی زۆر بچوکی تایبەت بە پرسە نەتەوەییەکانی عەرەب و ئێرانی هەوالٌ و داواکاریەکانیان بە هەموو دنیادا بلاٌو نەبێتەوە ، کە چی مەلای کورد نەیتوانی پرسێکی هەرەگەورەی وەکو ئەنفال بگەیەنێتە نێوەندە ئیسیلامیەکانی دونیا و بیانوروژێنیَ ، هەموو جموجۆلێکی مەلاکانی عەرەب سەرنجام بەقازانجی عەرەب و مەلای ئێرانی بەقازانجی ئێران نەك خودی ئیسلام تەواو دەبێت ، کەچی لە کاتی هەرپێشکەوتنێکی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی کورد پەیکەری زەبەلاحی مەلای کورد بەڕووت دا قوت دەبێتەوە و ڕێت پێدەگرێت .

بۆ دواجار مەلای کوردیش قسەی لەسەر ڕووداوی ڕۆژ کرد، بەلاٌم کام ڕووداوی ڕۆژ ، ڕووداوی کارەساتی سروشتی ، ئەویش بەوەی قوربانیانی لافاوی پایزی ئەمسالٌی هەندێك شوێنی کوردستان شەهید نین و خودا غەزەبی لێگرتوون و پێویست ناکات لە پرسەیاندا فاتیحا بخوێندرێت ، چونکە لە گوندەکانیاندا ڕەنگە کاری خەراپ ئەنجام درابیَ ، ئەوەیە لۆژیکی مەلا ، ئەو لۆژیکەی کە گومانی تێدا نیە هیچ قوربانیەکی پرۆسەی ئەنفالیش بەشەهید دانانێت و بە بەرکەوتوانی غەزەبی خوا تێیان دەگات ، دوریش نیە وەکو سۆزی ئاینی بۆ هاو ئاینەکانی لە برایانی هەیئەی عولەمای موسلمین داوای بەخشینی سەدامیش بکات ئەگەر ترسی ئەوەی نەبێت وەزارەتی ئەوقاف موچەکەی دەبڕێت . کەواتە دەبێت ئێمە فێلٌ لەخۆمان نەکەین و واتێنەگەین هەموو ئەو دیوارە وەهمیانەی لەبەردەم فکری خەلٌکی کورد هەلٌچنراون و هەموو ئەو تەقالیدانەی خێلی کورد هەلٌیگرتبوون لە ئان و ساتی داڕمان و هەلٌوەشانەوەدان لەبەردەم کرانەوە و بە مەدەنی بوون و بە جیهانیبوون ، وەکو ڕۆشنبرانی سەر بە دەسەلاٌت و سیاسیەکانی نێو دەسەلاٌت پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن ، نابیَ پێمان وا بێت ئێمە هێشتان ئەو کەسەین کە خۆرئاواییەکان لەدەرەوەی ترادیشنە خۆرهەلاٌتیە کۆنکریتی و لە مەوقعێکی دیدا دەماننناسن و پشتگیری مافەکانمان دەکەن تەنانەت مافەنەتەوەییەکانیش ، پێتان سەیر نەبێت بۆچی هیچ ولاتێکی ئەوڕوپی و خۆرئاوایی پشتگیری دروست بوونی دەولەتی کوردی و هیچ دەولەتێکی تری نویَ لە

جیهانی ئیسلامی ناکات ، چونکه له دیدی ئه‌وان دروست بوونی ئه‌و جۆره ده‌وله‌تانه جگه له زیادبوونی ژماره‌ی ده‌وله‌تانی ئیسلامی شتێکی تر نییه ( یه‌کێ له هۆیه‌کان) ، له وێنه‌ی ده‌وله‌تانی وه‌کو ئێران و پاکستان و عه‌ره‌بستانی سعودی که دورنیه له‌هه‌رکاتێك له کاته‌کان ده‌سه‌لات تیایاندا ببێته ده‌سه‌لاتی ئیسلامی و به‌ره و ڕوویان بوه‌ستێته‌وه و زیان به به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانیان بگه‌یه‌نێت. مه‌لا بچێته لوتکه‌ی ده‌سه‌لات و جه‌نگێکی ئایینی به‌رپا بکات .